زنجیرەی بیری ئازاد

-1-

# پاسۆك

## لە كلاورۆژنەی درووشمەكانیەوە

**ئازاد مستەفا**

نەورۆزی 1984



هاوبیری نەمر : ئازاد مستەفا



هاوبیری نەمر ( ئازاد مستەفا ) لە ئەشکەوتەکەی شاخی سورێن

## پێشەکی

تێگەیشتنی هەر هاوبیرێك لە بیروباوەڕ و بۆ چوون و ئایدۆلۆجیەت و بنەما فیکریەکانی حیزب و دەربڕینیان بەو شێوە و شێوازەی تاقەتی بەسەریاندا دەشکێ و پێی دەردەبڕڕێ، هەم دەبێتە هۆی فراوان کردن و دەوڵەمەندکردنی سامانی فیکریی حیزب و هەم شێواز و دەرفەتێکی لەبار دەنێتە بەر ئازادی بیر و دەربڕینی هاوبیران لە چوارچێوەی بیروباوەڕی چەسپاو ودیاری حیزبدا و هەم دابێکی شۆرشگێڕانەش دادەڕێژێ کە هەمووان بەشداری لە بینای فیکری حیزبدا بکەن و هاوبیران لە مەترسی و نەخۆشی مشەخۆر (تفیلی) یێتی دەپارێزێ و ڕێ لەوە دەبڕێتەوە (کەهەنە) و زەیەوانی فیکری بێ، ئەمەش شاڕێیەکی خۆنوێکردنەوە و گەشە و نما و فراژوبوونی حیزبە، پێ بەپێی گۆڕان و گەشەی کۆمەڵایەتی و هاتنە پێشەوەی هەلومەرج و پێشهاتنی نوێ لە سەرەرێی خەبات و ژیانی کۆمەڵایەتیدا. چاکترین دەرمانی دەردی (دۆگما) یەتی ووشك بوونەوەشە. دەمێکە ئەم بەرنامەیە بەرچاوگیراوە، بەڵام بار و هەلومەرجێکی وا نەرەخساوە کە بەدی بێت، ئیمڕۆش کە هەنگاوی یەکەمی تێدا دەنرێت و ئەو شەرەفەم پێ بڕاوە سەردەقی بەرنامەکە بشکێنم، هیوادارم هاوبیرانی دیشم ئەو شوێنپێیە هەڵگرن ... دەبێ ئەوەش بڵێم هەر شتێکی شایانی بەسنی بێ دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕ و حیزبەکەم، هەر ئەوەندەی بەر من دەکەوێ کە وەکو قوتابیەکی گچکە و گوێڕایەڵی قوتابخانەی بیری نەتەوایەتی و (پاسۆك) توانیومە ئەو دەرسەی دادراوم، نێزیك لە خۆی، بیلێمەوە، هەڵە و ناتەواویەکانیشی لە ملی خۆمە...

عەلی *

نەورۆزی 1984

*** ئەم بەرهەمە لە سەردەمی خەباتی شاخدا بەناوی (عەلی) یەوە بڵاوکراوەتەوە.**

((پاسۆك)) وەك پێویستییەكی مێژویی و تیشكدانەوەی بیر و خواست و داوا و ئامانجە ڕەوا و مێژوییەكانی نەتەوەی كورد لە ژانی چەند ساڵەی نوچدان و ڕاستبوونەوە و شكست و كەوتنە سەرپێ، بەڵام هەردەم سوور بوو لەسەر كۆڵنەدان و مانەوە و سەركەوتن لەبار و هەلومەرجی هەرە سەختی پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە 11ی ئەیلولی 1975 دا شەقاوی یەكەمی خۆی نا... ناحەزان و دوژمن و خۆفرۆشان هەر زوو ویستوویانە گۆڕەوشاری دەن، پەلاماریان داوە شەڕیان كردوە، لە پشتەوە خەنجەریان لێداوە و نمەك بەحەرامیان لەگەڵدا كردوە، بەگژیدا چوونەتەوە و شەڕی چەك و سیاسەت و درۆ و چەواشەكەرییان كردوە، كە ئەمانە هیچیان دادی نەداون! كەوتوونەتە درۆ و چاوبەست و شێوانی ڕووی گەشی بیروباوەڕ و ڕێبازەكەی، تا حاڵ گەیشتۆتە ئەوەی ڕاپۆرت و گوزارشی جاسوسانە و سوكانەی لەسەربدەن، هەتا تاك تاكەی هاوبیرانیش لەدەست و دەم و زمانیان دەرباز نەبوون. دەبێ (پاسۆك) چ بێت بەو جۆرە گەلەكۆمەكەی لێ بكرێت و دوژمنایەتی بكرێ؟!. هیچ سەرسورمان و سەیرێك نامێنێتەوە ئەگەر تەعبیر لە ویژدان و ویست و خواستی جەماوەری زەحمەتكێش و ستەمدیدەی كورد دەكا، بۆیە هەموو دوژمنانی كوردایەتی و كورد دەبێ بەرەنگاری بنەوە! ئەم نامیلكەیە بەسەركردنەوەی بیروباوەڕ و ڕا و هەڵوێست و سیاسەتی پاسۆكە لە كلاوڕۆژنەی چەند دروشمێكییەوە. دەتوانین بە كورتی بیروباوەڕی پاسۆك لەم دروشمە سەركییانەیدا كۆكەینەوە:-

1- كوردستانێكی ئازاد گەلێكی یەكسان.
2- پێش ئەوەی هەرشتێ بین... دەبێ كورد بین.
3- كوردستان تەنیا موڵكی كوردە.
4- مرۆڤایەتیی كورد كوردایەتی.
5- جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە.

## 1- کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان :-

کوردستان نیشتمانی مێژووکردی دێرینی نەتـەوەی کـوردە، بـە درێـژایی سـەدان و هـەزاران ساڵ کورد لەسەر ئەم خاکە بووە و بەگیان و خوێنی هەزاران و ملیۆنەها ڕۆڵەی بـە جـەرگی پاراسـتویەتی، هـەموو بسـتێکی ئـەم خاکـە چـنگێ خۆڵـەمێش و ئێسـك و پروسـکی بـاو و باپیرانمانـە. خوێنمـان پێـداوە و بـەخوێن پاراسـتومانە. بـەری ڕەنـج و مەینـەتی و کـردە و کۆشەی هـەزاران سـاڵمانە، دەیـان داگیرکـەر و دوژمـن چـاویان تـێ بریـوە و تـەماعیان تـێ کردوە، لە شکریان کێشاوەتە ناوی، هەرچی یان پێ کرابێ و لەدەست هاتبێ بۆ داگیرکـردن و لە چنگ دەرهێنانمان کردویانە... بەڵام ئێمە هەر سوربوین لەسەر پاراستنی و مانـەوەی. ئەم وولاتە لە کورد بەولاوە گەلێك و کەسێکی دیکـەی نەناسـیوە، تـەنها مـوڵکی نەتـەوەی کوردە، بۆیە تا کوردێ گیانی لـە بـەردا بـێ دەسـتبەرداری نـابین و هـەر هـی کـوردە. ئـەم نیشتمانە وەکو خاك و نیشـتمانی هـەر میللـەتێکی دیکـە، دەبێـت ئـازاد و سـەربەخۆ بێـت. حوکمی مێژوو و(منتق) ە ژیان و دەستووری ئەرز و ئاسمانیی هەموو مرۆڤایەتییە کە هـەمو نەتەوەیەك دەبێت مافی چارەنووسی خۆی لە دەستی خۆیدا بێـت، نیشـتمانی سـەربەخۆ و گەلی ئازاد بێت... بێگانە و دوژمن و داگیرکەر لەسەر وولاتی نەبێت. هەر بەم پێیە و بە بـەر ئەو حوکمانە دەبێت کوردستانی نیشتمانی کورد لە ژێر چـنگ و دەسـەلاتی ئـەو حکومەتـە ئیستعمارییە داگیرکەرانە دا نەمێنێ و یەکپارچە بگەڕێتەوە دەستی کورد خۆی. دەبـێ ئـەو بێگانـە داگیرکەرانـەی لـە کوردسـتاندا بـە بەرنامـەی زایۆنیستئاسـایی چێندراون بارکـەن و وولاتمان بەجێ بێڵن. حوکم و دەسـەلاتی ڕەشـی ئیسـتعماری لـە کوردسـتاندا پاکتـاوکرێن. کوردستان یەکگرتوو و سەربەخۆ و ئازاد بێ. هەموو دەسەلاتێکی بێگانە و ئـەو حکومـەت و دەوڵەت و کیانە ئیستعماریانەی کوردستانیان داگیر کردوە، هەرچیەك بن و هەرچـۆنێك بـن، دیکتاتۆر و چەکمەڕەق بن، یا بەدرۆ نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز، نیشتمانی و سۆشیالیسـت بـن، یـا دیموکراسـی و پەڕلـەمانی مەلـەکی و شاهەنشـایی بـن، یـا جمهـوری، مەخلـەس هەرچـییەك بـن... داگیرکـەر و دوژمنـی کـوردن. خۆسـەپێن و چەوسـێنەرن، زەوتکـەر و زۆردارن، ناڕەوا و نامەشروعن، ئیستعماری و بۆگەنن، دڕندە و دژ بـە سـەرەتاکانی بـوون و

ژیان و کەرامەتی مرۆڤایەتین. هەموو سەودا و سازشێك لەگەڵیاندا ناڕەوا و دژ بە بزووتنەوە و باوەڕ و ڕێباز و ئامانجی کوردایەتییە. دەبێ بارکەن و بڕۆن لە کوردستاندا نەمێنن و بەرۆکمان بەردەن و نیشتمانمان بەجێ بێڵن. دەبێ کوردستان ئازاد بێ و کورد وەکو هەموو نەتەوەیەکی دیکە کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، خۆی ڕاستەوخۆ و بێ دەست تێوەردانی کەس و هیچ بێگانەیەك لە چوارچێوەی کوردستانی مێژووکردیدا بە کیان و دەوڵەتی سەربەخۆشیەوە دیاری بکا. کورد کەمە نەتەوایەتییەك نییە، بە (لامەرکەزی و حوکمیزاتی و خودموختاری و فدراسیۆنی) لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە ئیستعمارییە داگیرکەرانەدا دابین کرێ و کێشەی چارەسەر کرێت. کورد کۆمەڵێ خێڵەکی و ڕەوەند و کۆچەری و قەرەج نین لەسەر خاکی ئەوان. کەسیان بەر لە کورد لەم ناوچەیەدا نەبوون و ئەم نیشتمانە لە کورد بەولاوە کەسێکی دیکەی نەناسیوە و کوردستانەکەمان لانە و مەڵبەند و نیشتمانی دێرینە و مێژوویی کوردە وئەمانە بە ناهەق و ناڕەوا داگیریان کردوە و پارچە پارچەیان کردوە و هەر پارچەیەکیان خستۆتە سەر یەك لەو وولاّت و کیانە داگیرکەر و سەپاو و زۆڵەکانەی ئیستعمار دروستی کردوون. کورد کۆنترین و ڕەسەنترین نەتەوەیەکی ئەم ناوچەیەیە و ئەوانە هیچ مافێکی ئەوەیان نییە خۆمان لێ بکەنە براگەورە و ریشسپی و (وصی) و خێو. ئەوان لەماڵ و خاك و نیشتمانی خۆیان و ئێمەش لە کوردستانەکەی خۆماندا. ئەو کەسەش ئەوە بۆ کورد ناسەلمێنێ کە ئازاد بێ و سەربەخۆ بێ، کورد وەکو هەر میللەتێکی دیکە کیان و دەوڵەتی خۆی هەبی، ئەگەر بێگانە بێ، شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و نامرۆڤدۆست و نامەنتقی و بەرچاوتەنگ و فشە فیکری و سیاسەتەیەکی دادی نادات و پولێ نایەنێ. بواری مرۆڤدۆستی و پێشکەوتنخوازی و دیموکراسێتی و بەرچاوڕوونی و دادپەرستی و هەقخوازی ئەوەیە بێ پێچانەوە و پەتاوپەت و بێ مەرج و مەرجکاری دان بە مافی ئازادانەی چارەنووسی کورددا بنێ و لای وابێت دەبێ کورد دەوڵەت و کیانی سیاسیی سەربەخۆ و ئازادی خۆی هەبێ و جەماوەری کوردیش کام ڕژێم و دەستوور و یاسا (سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و ئاینی و ڕۆشنبیری و ژیاری) یەی خۆی هەڵی دەبژێرێ و بەچاکی دەزانێ و بۆی دەگونجێ و لە سوود و بەرژەوەندیدایە دیاری بکا... خۆ ئەگەر کورد بێ و ئەو مافانە بۆ کورد نەسەلمێنێ و باوەڕی پێیان نەبێ و

بەو جۆر و شێوەیەی بۆی دەرەخسێ و تاقەتی پێ دەشکێ بۆ بەدیهێنانی هەوڵیش نەدا– بە شێوەیەکی گشتی و عادەتی بۆ هەموو گەلێکی دیکەی دەسەلمێنێ و خۆیشی پێوە بادەدات – ئەوا سپڵە و ناپاك و بیژو و نمەك بەحەرام و کۆسمۆپۆلیتی و ناتەواوە، لە شیری بەری دایکی و سێبەری کوردستان و خۆری دەم کەلەکان و ئاو هەوا و خۆراکی ئەم وولاتەی پێ حەرامە، خۆ لە بیر چووە و قسر و نەزۆك و خەساوە، کۆیلەیەکی زەلیلی داگیرکەر و ترسنۆکێکی زەندەقچوو لە بێگانە و خۆفرۆشێکی سووك و ڕیسوای بازاری سیاسەت و لادەر و مێشك پووچ و بیرگلاو و نا ئینسانییە!. (ئای ئۆی و ئاخر و ئۆخر و دەبێ و نابێ و بەهانە و بیانوو و تەفەلسوفی ووشك و پووچ هەڵناگرێ). کورد لە هیچ میللەتێکی کەمترە یانە؟؟ کە کەمتر نەبێ هەمان ئەو مافانەی ئەوانی هەیە. ئیدی چوکڵە تێهاویشتن و زمانگرتن و بەلاڕێدا ڕۆیشتن و بەرەو شتێکی دیکە چوون بۆ و لەبەرچی و لەپای چی؟؟!. ئیمرۆ و سبەی دەساڵی دیکە و سەد و زیاتریش هەر دەبێت بێتە دی و بەدی بێ. دوژمن بەهێزە و ئێمە لاوازین و دەکرێ و ناکرێ و دەشێ و ناشێ و ئەمە و ئەوە مەسەلەی تەکنیکی و بار و هەلومەرج و دووری و نیزیکییە، دەخلی بەسەر مەبدەئی مەسەلەکە و ڕەوایەتیی ئامانجەکەوە نییە... ئەو جۆرە باپێدانەوە و زمانگرتن و خۆلادانە لەو هەقە تەنها خزمەت بە دوژمن و داگیرکەر دەکات و لە توانا و بڕشت و گوڕی مەسەلەکەمان کەم دەکاتەوە. کورد دەبێ سەربەخۆ و ئازاد بێ، کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ، جا کەی پیێ دەگا و چۆنی پێ دەگا، دەچێتە خانەی تەکنیك و بەرنامە و قۆناغی هەڵکەوتووی خەباتەکەوە... مەبەست و ئامانجی ستراتیژی دەبێ دیار و ئاشکرا و ڕوون و بەرچاو و بەرهەست بێ، چۆنیەتی پێگەیشتنی دەکەوێتە سەر بەرنامە و نەخشە و هەلومەرج و باری ڕەخساو و رەخسێندراو... داگیرکەرەکە ڕەنگی چۆنە و چییە و چی نییە؟ ... چ دەڵێ و چ دەکا؟... مەوقعی لە کوێدایە و ئیدیعای چی دەکا، سەنگەر و مەنگەری لە کوێ لێداوە؟... مەسەلەیەکی سەرەکی و بنەرەتی نییە بۆ کورد. داگیرکەر شێخی ماوەرانیش بێ لە مەریخ و زوهرەشەوە هاتبێ... بیردۆز و فەلسەفەی (دیموکراسی و سۆشیالیستی و نەتەوایەتی و دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و هەرچی شتێ هەیە) داینابێ یان پیڕەوی بکا... تا لە کوردستان بەدەر نەکەوێت و ملی خۆی نەشکێنێ، داگیرکەر و

دوژمن و چەپەڵ و ڕەگەزپەرست و شۆڤێنییە... هەرگیزا و هەرگیز لە هیچ بوار و بارێکدا لەگەڵ کورددا کۆنابنەوە... کورد تەنها لەگەڵ ئەو (کەس و لایەن و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵانەدا) کۆدەبنەوە کە:

دژی داگیرکردن و چەوساندنەوەی کورد و کوردستان و ئیمپریالیزم و ناڕەوایی بن.

مافی (سەربەخۆیی و ئازادی) بەکورد ڕەوا ببینن.

دژ و دوژمنی ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرییە ئیستعماریانە بن.

هەرکەس و بەرە و لایەك و چین و کۆڕ و کۆمەڵێ، یەك لەم سێ مەرج و سیفەتەی نەبێت، لەگەڵ کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا لەسەنگەرێکدا کۆنابنەوە. نە برامانن نە دۆستمانن نەهاوکار!... هەریەکیش ئەو سێ مەرج و سیفەتانەی تێدا بێت، برا و هاوخەبات و هاوسەنگەر و هاوئاوات و هاوکارمانە و ئەوپەڕی خۆش ئامادەیی لە دەستی هاوکاری و دۆستایەتیی دەکەین و خەباتمان توند توند لەگەڵیاندا گرێ دەدەین. ئەمەش تەنها کێشانە و پێوانەی دۆستایەتیی کوردایەتییە. هەر پێوانە و ئاین ئۆینێکی دیکە بێتە پێش تەنها بۆ ساردکردنەوەی کورد و لەخشتە بردن و بەلاڕێدا بردنمانە. خزمەتە بە ئیستعمار و داگیرکەرەکەمان و سەکتەیە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕەوای نەتەوەکەمان... سەنگەری مرۆڤدۆستی، دیموکراسیخوازی، پێشکەوتوویی، سۆشیالیستی، بەرچاوڕوونی و خواپەرستی و ئینسانیەت بە نیسبەت تاکێك یان کۆمەڵێکی کوردەوە، تەنها و تەنها سەنگەری کوردایەتی و مەیدانی جەنگی (ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاری) کورد و کوردستانە... تەنها و تەنهاش بە (ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستان و کورد) ئاشتی و ئاسایش و هێمنی، برایەتی و دۆستایەتی و مرۆڤایەتی و پەیوەندی بەرابەری و یەکسانی نێو گەلان و سوود و بەرژەوەندی کورد و گەلانی دراوسێ و دوور نێزیك و سەرەتا ڕەوا و پاکەکانی مرۆڤایەتی پەیدا دەبێت و دێتە گۆڕێ... چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە و دادۆشین و پاکتاو دەکرێت... هەر جۆرە باپێدانەوە و پێدزکێ و بەلاڕێدا بردن و شێوان و هەڵگێڕانەوە یان لێگۆڕین و حەشاردان و (بدیل) دۆزینەوەیەکی دیکە بۆ ئەو سەرەتا و ڕاستی و واقیعانە بێتە پێش، کار و کردەوەیەکی نائینسانی و دژ بەکۆمەڵانی زەحمەتکێش و ستەمدیدە و چەوساوە و ژێردەستە و پارچەپارچەکراو و داگیرکراوی (25) ملیۆن مرۆڤی

کـورده. تاوانێکـە بەرامبـەر خـوا و ویـژدان و مرۆڤایـەتی و کـورد. هـەموو کـوردێکیش لـە سەریەتی ئەم ڕاستی و سەرەتا و بەڵگەنەویستانە بکاتە مەشخەڵ و ڕێنیشـاندەر و کرۆکـی خەبات و تێکۆشانی، جا ئیدی بەکام ڕێگە و لە چوارچێوە و قاڵبی کـام بـیر و فەلسـەفەیەدا ئـەوە دەکـات، بیروبـاوەڕ ئـازادە و (اجتهـاد) و بۆچـوون و لێکدانـەوە، بەمـەرجێ لـەو چوارچێوەی ستراتیژییە دەرنەچێ، سوودی نەبێ زیانی نیە. تەماشای (ماو، هوشی مینـە و جیفرسۆن و گاری باڵدی و غاندی و ناصر) بکـەن چـۆن میللـەتی خۆیـان خـۆش ویسـتووە، چـۆن خـەباتیان بـۆ کـردووە، چـۆن هـەوڵیان بـۆ داوە، چـۆن بـۆی ژیـاون و لـە پێناویـدا گیانبازییان کردوە... خەڵکی وولاّتـانی (یۆگوسـلافیا و کۆریـا و سـوید و سویسـرا و کوبـا و میسـر) و دنیـا و دار و بـەرد چ دەکـەن، وابکـەن... شۆڕشـگێڕانی فەلەسـتین و ئێرلەنـدی و باسکی و ڤێتنـامی چییان کـردوە و چـدەکەن و چـۆن مەسـەلەی ڕەوای میللـەتانی خۆیـان بەڕێوە دەبەن و خەباتی بۆ دەکەن؟ ئێمەش با وا بکەین ... هیچمان لـە کـەس کەمترنییـە، تا ژێردەستەیی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی کـەس قـەبوڵ کـەین... نـە چـاومان لـە خـاك و ئـازادی و سـامانی کەسـە و نەدەشـبێ ڕێ بـدەین کـەس چـاوبڕێتە خـاك و ئـازادی و سامانمانەوە. کێ دۆستایەتیمان دەکات برایـەتیی دەکـەین و هەرکەسـیش داگیرمـان کـا تـا سەرمۆخ دوژمنایەتی دەکەین. ئەمەش کورتی و کوردیی مەسەلەکەمانە !.

## 2- پێش ئەوەی هەر شتێ بین... دەبێ کورد بین :-

هەموو ئاین و بیروباوەڕ و فەلسەفە و کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوێك کە لـە ژیـانی کۆمەلأیـەتیی کۆمەڵگـەی مرۆڤـدا پەیـدا بـووە و ڕسـکاوە، هـەر نـەبێ لەسـەرەتاوە بـیر و بیرکردنـەوەی داهێنەران و بنیاتنەرانی بۆ خێر و خۆشی و سوود و بەرژەوەندی مرۆڤ بووە با لە ڕواڵەتدا و لـە بۆچـوون و دروشـم و داواکارییەکانیـدا سـوود و خێـری کۆمـەلأنی خـەڵکی تێـدا ڕەنـگ پێدراوەتەوە، یا ئەوەتا هەوڵ و بانگەوازێك بـووە بـۆ داهێنـان و هێنانـە پێشـەوەی بـارێکی گونجاوتر و لەبارتر بۆ ژیانی کۆمەلأیەتیی مرۆڤ... جا ئەو مەبەسـت و نیـازە لـە ڕاسـتیدا وا بووە، بەردەوام و هەتا سەر هەروا ماوەتەوە، جێی گرتووە و ڕاست دەرچووە یا پێچی پـێ دراوەتەوە و بۆتە کوتکی دەستی کەسێ، کۆمەڵێ، دەستەیەك بۆ گیانی زۆربـەی خەڵکەکـە و بۆتــە بــەلا و وەیشــومە، باســێکی دیکەیــە و ئەمــە دەگەڕێتــەوە بــۆ (ســەرەتا و بنــەما پێشـەکیەکانی ئـەو بیروبـاوەڕ و فەلسـەفانە) کەلەسـەر بناغەیـەکی پـەیت و پتـەو و راسـت هەڵچنراوان و مەودای گۆڕان و گەشە و نماکردنی بەرەو پێشـێ و گونجانیـان بـەپێی کـات و شوێنی گۆڕاو هەبووە یا نە؟؟... دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گیان و مەبەستی خزمەتگوزارانەی تێدا پارێزراوە و هەمیشە بەدەست بەرۆگر و خاوەنە ڕاستەقینەکانیانەوە بوون یا نە؟؟!... دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی توانای گەشەکردن و نماکردنی بووە پێ بەپێ ی گـۆڕان و نمـاکردنی کۆمەڵگـە یـا چـەق بەسـتوو و ووشـك و ڕەق هـەلأتو بـووە؟؟... لـە هـەموان گرنگتریـان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کـە مـرۆڤ لەبـەر ئـەوەی زینـدوێتی و هەسـت و هـۆش و بیرکردنـە و خـوازی هەیـە، تـا کـوێ و چ رادەیـەك بوعـدی ئیجـابی و خێرخوایانـەی داوەتـێ یـا بـە پێچەوانەوە بای پێ داوە ناوەرۆکەکەی کلۆر کردوە و پوکاندویەتیەوە، نموونەیـەکی نێزیـك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە (ئەتۆم) ە، ئەنیشتاین کە یاساکانی (نسبیە و فیزیای ئەتۆمی) دۆزیوەتەوە و هێزی ئەتۆمی بەرهەسـتی مـرۆڤ خسـتوە نـە بـەنیازی ئـەوە بـووە و نـەبیری لەوەش کردۆتەوە بکرێتە بۆمب و بدرێت بەسەری هەزاران و ملیەنەها کەسدا و (ناکـازاکی و هێرۆشـیمای) پـێ کـاول کـرێن و ئیمـرۆ چارەنووسـی هـەموو مرۆڤایـەتی بخاتـە سـەر بـاڵی دێوەزمەی (جەنگی ئەتۆمی!)... مرۆڤەکەیە دەیکاتە بۆمب و دەیدات بەسەری مرۆڤەکەدا،

هەر ئەویشە دەیکاتە هێزی ئەلکتریك و شەوگاری پێ ڕۆشن دەکاتەوە... (رایت) ی جووتە براکە کە فرۆکەیان دروست کرد بۆ ئەوە نەبوو پاش شەست ساڵ بۆ ماوەی بیست ساڵان، ئاگر و ئاسن و مەرگ بەسەر نەتەوەیەکی ژێردەستەی چەوساوەی وەك کورددا ببارێنن... لە عالەمی مادەدا بە درێژایی بوون ئەتۆم و هێزی ئەتۆم و یاساکانی (جازبیە) و (فڕین) و (باڕووت) و چی و چی هەبوون، بەلاّم مردوو و مت بوون، نە هیچیان پێ ئاوەدان دەکرێتەوە و نە هیچیشیان پێ وێران دەکرێت... لە عالەمی مرۆڤدا دروست پێچەوانەیە، شتی چاك و پاك و بیردۆزی وەکو (خواناسین و ئازادی و نەتەوەپەروەری و ئاشتی و سۆشیالیزم و دیموکراسی) و (ئەتۆم و باڕووت و لیزەر و داهێنانەکانی دیکە) دەشێ بکرێنە پێوەندی میللەتان و زەحمەتکێشان و کوتەکی دەستی زۆرداران و چەوسێنەران، دەشێتیش بۆ خێر و خۆشی و ئاسوودەیی و کامەرانی مرۆڤ بەکاربێن. بۆ کورتکردنەوەی ڕێگە و مەبەست دەڵێین، هەموو ئەو بیروباوەڕ و فەلسەفە و قەوارە سیاسی و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵانەی ئیمڕۆکە لە کۆمەڵگەی کوردەواری و جیهانیشدا هەن و خەڵکێك لەدەوریان خربۆتەوە و باوەڕیان پێ هێناوە و پەیڕەوی دەکەن، بە نیاز و مەبەست و قسەی خۆیان و بیرەکانیان بۆ خێر و خۆشی و سوودی کۆمەلانی خەڵکین... بەکورتی بۆ (ئاسودەیی مرۆڤ) ن. لە خۆوە دیارە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە هەمەچەشنە و هەمەڕەنگەی کەس و دەستە و تاقم و چینی تێدایە بیر و بیرکردنەوە و فەلسەفە و باوەڕ و قەناعەتی جیا جیا و مەبەست و نیاز و ویست و خوازی هەمە جۆرە و دیدگا و بۆچوون و بەرژەوەندی جۆراوجۆری تێدایە... هەمووی و سەرتاسەری سفت و لێکچوو و یەك قاڵب و یەك ئەندازە نییە...واش بێت (یا واشی لێ بێت) لە عالەمی مرۆڤدا هەرجیاوازی (بیرکردنەوە و ویست و نەویست و مزاج و حەز و خولیا و سەرجەم هەڵکەوتی دی) هەرتێدا پەیدا دەبێت... بۆیە هەرکەس بە ربەی خۆی دەیپێوێ و لەچاوی بیر و بۆچوون و بەرژەوەندی و ویستی خۆیەوەشتەکان دەبینێ و ئەو (ئاسوودەییەی مرۆڤ) لێك دەداتەوە. ئەمەش حاڵەتێکی سروشتی و مێژووکرد و زادەی هەڵکەوتی رسکانی مرۆڤەکە خۆیەتی تا ئەو شوێنەش دەست نەکێشێتە مافە رەواکانی خەڵکی دییەوە و سواری ویستی رەوای خەڵکی دیکە نەبێت و ناکۆك و ناتەبا نەبێت لەگەڵ ویست و بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵ، هەر رەوایە و دەبێ دەرفەتی خۆدەربڕینی بۆ

برەخسێ. واتە واقعێکی رسکاو و بووەیە... بۆ گۆڕین و گەشەکردن و خستنە سەرباری دروست و بەلاداخستنی بەباری سوود و بەرژەوەندی راستەقینە و بنەرەتی مرۆڤ خەبات و چالاکی و رۆژگار خۆی دەسەبەرەی ئەوەیە کە گەندە و دواکەوتوو چەوت و چەوێڵەکانی بەلادا بخا و کاروانە راست و راستەقینە و خزمەتگوزارەکەی هەردەم بەرەو پێشچووی ژیان بەردەوام و هەتاسەر لەرەوتی خێرخوایانە و پێشکەوتنی خۆیدابێ.

ووتویانە (تتبیق) مەحەك و بواری تیۆرە، هەر تیۆرێك! راستیشیان ووتوە تەنها لە (تتبیق) دا راستی و چەوتی گوزارە و بیر و فەلسەفە و تیۆرێك دەردەکەوێ. (تتبیق) هەموو حانەحەبەشی و شەڕە دەنوك و شەڕەلیستێکی تیۆرەکان بەلادا دەخا... وەك کورد ووتویەتی (لە بواردا قولی ڕەش و سپی دەردەکەوێ) ... تا نەگەینە بەر بوار هەرکەس قولی خۆی پێ سپییە! بۆیە لە بواردا ئیدی مەودای بگرە و بەردەی خۆهەڵدانەوە و پێداگرتن نامێنێ. دیارە هەرکەس و کۆڕ و کۆمەڵێکیش بیروباوەڕ و فەلسەفەی خۆی لا راست تر و دروست ترە یا ئەوەی لە سوود و قازانجدایە! بەڵام ڕۆژگار بوار و مەسیرەکە حوکمی جەماوەر و مێژوو ئەوە بەلادا دەخا. کێ راستە و کام و تا کوێ ڕاست بووە و تاکوێ چەوت و کامیشیان بێ عەمەل و پووت بووە. تا ئێرەمان وا هێناوە بۆ ئەوەی کە ئیدی مەودای چەنەحەلانێ و شەڕەدەندوك و بگرە و بەردەی سۆفسەتائیانە نەهێڵینەوە خۆ لە دەوەن بە ئاشتی تیوریی دوورگرین و بچینە ناوجەرگەی باس و بابەتەکەوە، یەك لە ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکای لاتینی دروشمێکیان هەیە دەڵێ: (قسەی زۆر لێکمان دادەبڕێ، کار پێکمانەوە گرێ دەدا)... زۆر جاران شەڕە قسەی لە بابەتی (مریشك لە هێلکەیە، یا هێلکە لە مریشکە!؟) و (مەلائیکەت نێرن یا مێ!؟) لای خۆمان، وەك لە زۆر شوێنی دیکەی دنیاش زەبری کوشندەی گەورەی لێ داوین و هەل و دەرفەتی زۆری لە دەست داوین و هۆی نەهامەتی گەورەی گەلەکەمان بووە. ئێمە لەوێوە دەست پێ دەکەین کە هەموو ئەو بیروباوەڕ و فەلسەفە و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵانەی کوردستان بە نیاز و مەبەستی خزمەتی کورد و کۆمەڵگەمان پەیدا بوون و هەن، هەمووان هەریەکە لە ڕێی خۆیەوە و بەقسە و نیازی خۆی بۆ سوود و بەرژەوەندی کورد ڕسکاون و هەر هەمووشیان (ئاسودەیی مرۆڤی کورد) یان مەبەستە یا بەفراوان تر لەگەڵ راستی و هەق دا دان و دژی

ستەم و چەوساندنەوە و ژێردەستەیین یا لە هەموو حاڵەتەکاند ا زۆربەی هەرەزۆری ئەو خەڵکەی لەدەوریان خڕوەبوون کەسانێك و خەڵکێکن ئەو ئایدیاڵە بەرز و خزمەتگوزارانە کۆی کردونەتەوە و ئەم یا ئەو هەڵوێستەی پێ وەرگرتوون... بۆیە دەبێ هەمیشە (سوود و بەرژەوەندی رەوای نەتەوەکەمان) خواست و داواکاریی جەماوەرەکە و کێشە و مەسەلەی تایبەتی کۆمەڵگە کێشانە و پێوانەی هەر ڕا و هەنگاو و هەڵوێست و سەرجەم چالاکیەکانی هەموو لایەك بن... دۆستایەتی و دوژمنایەتیمان هاوکاری و بەرهەڵستیمان تەبایی و ناکۆکیمان لەسەر تاکە دیگنەی سوود و بەرژەوەندی مەسەلەی گشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد هەڵبستێنن... دەبێ لە سەر ئامانج و خواست و داوا و مافە ڕەواکانی کۆمەڵگە پێك هاتبن و هیچ جیاوازی و تێك نە چوونێك نەبێت، مەیدانی تەبیعی و دروست و ڕەوای لێك نەچوون و جیاوازی و لێك نەچوون و اجتهادی جیاواز پەیدا بێت و بەس، ئەگینا لەسەر مەسەلەی گشتی و ناکۆیی جەماوەر و نەتەوەکە هیچ مەودای لێك نەچوون نییە، ئەگینا ئەو کەس و کۆمەڵ و تاقمەی لە مەسەلە بنەرەتی و گشتییەکانی کۆمەڵدا جیاوازبن لە ئەندامێتی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەون و دەبنە کەس و کۆمەڵ و تاقمێکی بێگانە و نامۆ بە کۆمەڵگە. ئەمەش بەکورتی و کوردی دەکاتە (پێش ئەوەی هەرشتێ بین... دەبێ کورد بین).

## 3- کوردستان تەنها موڵکی کوردە :–

نەتەوەی کورد یەك لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی ئەم خۆرهەلاٌت و دنیایەشە، هەر خۆی کوردستانی نیشتمانی مێژووکردی ئاوەدان کردۆتەوە و پاراستویەتی و لەسەری ماوەتەوە. کورد هەموو خەسڵەت و ماکە مادی و مەعنەویەکانی (نەتەوەی) تێایە، (نیشتمان و زمان و مێژوو و داب و دەستوری کۆمەلاٌیەتی) ی هاوبەش و سەربەخۆ و تایبەتی و هەستی خۆبەکورد زانین و بوونی نەتەوایەتی تێدایە. بۆیە وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەر ئەم گۆی زەوی یە ماف (ئازادی و سەربەخۆیی) خۆی هەیە. بۆی هەیە وەکو هەموو میللەتانی دراوسێ و دوور و نێزیکی دەوڵەت و کیانی سیاسی خۆی هەبێت، سەربەخۆ بێت، واتە بێگانە دەست نەخاتە نیشتمان و چارەنووس و کاروباریەوە، ئازاد بێت، واتە کورد خۆی چارەنووسی و جڵەوی کاری خۆی بەدەستی خۆیەوە بێت، هیچ بێگانە و داگیرکەری بەسەریەوە نەبێت. هەموو ئەو مافانەی میللەتێکی ڕزگار و سەربەخۆ و ئازاد هەیەتی و بۆی سەلمێندراوە و یاسا و دەستورەکانی نێو گەلان بەرچاویان گرتوە ئەویش بیبێت و بۆی بسەلمێندرێ و بەرچاو بگیرێ. مێژووی خوێناوی و پڕ قارەمانێتی و سەروەریی کورد بریتییە لە بەرگریکردن لە خاك و نیشتمانی و مل نەدان بۆ داگیر کەرانی، جەنگ و ململانێ بووە لەگەڵ دوژمنان و ئەوانەی چاوی تەماعیان بڕیوەتە خۆی و نیشتمانەکەی، داستانی ڕاپەرین بووە بە ڕووی زوڵم و زۆر و ستەمدا. بە درێژایی سەدان و هەزاران ساڵە نەتەوەکەمان دژی بێگانەی داگیرکەر دەجەنگێ و هەرگیز هیچ داگیرکەرێ نەیتوانیوە بیهێنێتە سەرچۆك و دەستی لە کورد و کوردستانیەتی پێ بەربدات.

بێگانە داگیریان کردوین و نیشتمانەکەمانیان پارچەپارچە کردوە، هەر پارچەیەکیشیان خستوینەتە سەر وولاٌت و کیانێکی داگیرکەر. سەروەت و سامانمان بە تالاٌن دەبەن، مافی بوون و ژیانمان زەوت دەکەن، بەزۆر خۆیان بەسەرماندا سەپاندوە و حوکممان دەکەن. بە ناهەق و ناڕەوا نیشتمانەکەمانیان خستۆتە سەر وولاٌتی خۆیان. بەهەموو ڕێگە و جۆرێ دەیانەوێ بە زۆر بمانکەنە (تورك و عەرەب و فارس)، کوردستانی نیشتمانمان لەسەر نەخشە بسڕنەوە. هەر جارەش بەناوێك و بەهانەیەك و درۆیەك و لە ژێر چارشێوێکدا

فریومــان دەدەن و دەیانــەوێ دەســتمان لــە خــەباتی ڕزگاریخوازانــەمان پــێ بەربــدەن. دەیانەوێ بەناوی (عێراقێتی و ئێرانێتی و تورکیایی)ەوە لە بۆتەقـەی داگیرکـەریی خۆیانـدا بمانتوێنننــەوە، پێناســی تایبــەتی خۆمــان و کــوردێتی و کوردســتانیمان لــە بیربەرنــەوە. دەیانەوێ ژێردەستەمان بکـەن و بمانکەنـە کۆیلـەی خۆیـان. کـردەی کـورد و بـردەی ئـەو داگیرکەرانەیـە، هەرسەریشـمان هـەڵهێنا بـەناوی (چـەتە و یـاخی گـەر و تەجزئـە تەڵـەب و جیاخواز و کافر)ەوە سەرکوتمان دەکەن. دڕەندەترین شێوە و جۆری ڕەفتاری نامرۆڤانـە و پیاوکوژانەمان بەرانبەر دەکەن. نە لە خودا دەترسن و نە ویژدانی مرۆڤانەیان دەجوڵێ و نە شەرەفی ئینسانیان دەبزوێت. ئەو داگیرکەرانە بێ بەشن لە ویژدان و شـەرەف و کەرامـەتی ئینســانی. تەماشــای میللــەتانی دەوروبــەر و نێزیــك و دوور بکــەن... هــەر میللەتــەی لــە چوارچـێوەی وولات و نیشـتمانی خۆیـدا سـەربەخۆ و ئـازادە، کیـان و دەوڵـەت و دەزگـای میللیی سەربەخۆی هەیە، لەسەر بستێ لە خاکی نیشتمانەکەی سەدان ڕۆڵەی خۆ بە کوشت دەدەن. سەروەت و سامانی خـۆی بەدەسـتی خۆیەوەیـەتی و بـە هـیچ کلۆجێـك ڕێگـە نـادا بێگانـە قومەئاوێکیشـی لـێ زەوت کـا. بـەبالای خۆیـان دا هـەڵ دەڵـێن و بـۆ پێشـکەوتن و بەختەوەری و خۆشـگوزەرانی کۆمەڵگـەیان کاردەکـەن. زمـان و مێـژوو و ئـەدەب و میراتـی میللی خۆیان دەپارێزن و گەشەی پێ دەدەن... گەورە بن یا گچکە، مل بۆ کـەس نـادەن و شانازی بە بوونی نەتەوایەتیی خۆیانەوە دەکـەن. پێشـکەوتوو بـن یـا دواکـەوتوو کـەس لـە خۆیان گەورەتر ناگرن و کڕنوش بۆ کەس نابەن. دۆستایەتی ئەم یان دوژمنایەتی ئەو لەبەر ڕۆشنایی سوود و بەرژەوەندی میللیی خۆیـان بنیـات دەنـێن. ئاشـتی و ئاسـایش و هێمنـی دەپارێزن، ئەگەر مەسەلەش گەیشتە سـەر بـوون و سـوودی میللیـان یـان مەترسـیان هاتـە سەر، دەست دەدەنە چەك و بەگژ ئەوانەدا دەچنەوە کـە تـەماعیان لـێ دەکـەن. بـەکورتی هــەر میللەتــەی ئاغـای خۆیـەتی و ژێـر دەسـتەیی کـەس قبـوڵ ناکـا. ئێمـەی کـورد کـە لـە وولاتێکــی بــەرفراوان و بــەپیت و بەرەکــەت و پــڕ ســامان و داراییــەکی زۆردا دەژیــن. وولاتەکەمان لە جەرگەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستە و پانتاییەکەی نیو ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشەییە، کـە دەکاتـە دوو ئەوەنـدەی پانتـایی هـەر پێـنج دەوڵـەتی ئـەوروپایی (نەمسـا و بەلجیکا و دانیمارك و سویسرا و هۆڵەندا)... لە پێنج دەوڵەتی سۆشیالیستخوازی ئەوروپایی

(هەنگاریا و بولگاریا و ئەلبانیا و چیکۆسلوفاکیا و ئەڵمانیای خۆرهەلآت) یش پێکەوە زیاترە، هەروەها لە هەر حەوت دەوڵەتی عەرەبی (لوبنان و کوێت و بەحرەین و قەتەر و میرنشینە عەرەبیەکان و ئوردون و تونس) یش بخەینە سەریەك زیاترە و ئەوەندەی پانتایی ئەو حکومەتانە دەبێت و ئەوەندەشی لێ دەمێنێتەوە کە (5) دەوڵەتی تری وەك کوێت یان حەوت وولآتی وەك لوبنانیشی لێ دروست بکرێت!! دوو ئەوەندەی بەریتانیا یان ئەڵمانیای خۆرئاوا و ئەوەندەی هەموو فەرەنساش دەبێت!!. ئەم وولآتە بەربەرینە ناوی لەسەر نەخشە نییە و تا ئیمڕۆ وەك ماڵە میراتی بەسەر ئەو کیانە ئیستعماریە داگیرکەرانەدا دابەش کراوە. وولآتی ئێمە پەنجا ئەوەندەی لوبنانە و دە ئەوەندەی بەنگلادیش و پازدە ئەوەندەی بەلجیکا یان هۆڵەندا زیاترە!! شازدە ئەوەندەی ئەلبانیاشە! نەتەوەی کورد بەسەر یەکەوە (25) ملیۆنە... کەسێ ملیۆنی پترە لە هەموو دانیشتوانی هەرسێ وولآتی سۆشیالیستی (ئەلبانیا و بولگاریا و هەنگاریا)، بەسەر یەکەوە و شەش ملێنیشی پترە لە سێ وولآتی ئەوروپای خۆرئاوای (دانیمارك و سویسرا و نەمسا) بەسەریەکەوە! چوار ملیۆنیشی زیاترە لە نیوەی هەموو دەوڵەتانی جامیعەی عەرەبی کە یازدە دەوڵەتن و یازدە کورسیشیان هەیە لە (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان)، کە ئەم دەوڵەتانەن بەسەریەکەوە(ئوردن، لوبنان، کوێت، یەمەنی دیموکراتی، بەحرەین، قەتەر، عومان، میرنشینەکان، لیبیا، موریتانیا و سۆمالێ)!!. بەم بەراوردکردنە کێشەی هەرە ڕەوای نەتەوەکەمان دەردەکەوێت... نەتەوەی کورد (حوکمی زاتی پێ ڕەوانابینن)، کەچی یازدە دەوڵەتی عەرەبی کە نیوەی ڕاستی ئەندامانی جامیعەی عەرەبین و یازدە ئالآشیان بەسەر تەلارەکەی ( نەتەوەیەکگرتوەکان )ەوە دەشەکێتەوە، بەهەموویان و بەسەریەکەوە لە ژمارەی کورد کەمترن!!. بەسێ دەوڵەتی سۆشیالیستیخواز یان سێ دەوڵەتی ئەوروپای خۆرئاوا هێندەی کورد نابن! کەچی سێ وولآتی خاوەن کیان و ئالآ و سنوور و بوونی نەتەوایەتیی پارێزراوی خۆیانن... کوردستان چلوپێنج ئەوەندەی لوبنان و سی ئەوەندەی کوێت دەبێت... دانیشتوانیشی سی و پێنج ئەوەندەی میرنشینەکانی عەرەب و چواردە ئەوەندەی یەمەنی دیموکراتی دەبن... لە سێ یەکی هەموو دەوڵەتانی (العالم العربی) لە ڕووی ڕوپێوەوە و نیوەی هەموو ئەو (العالم) ە دەبێت لە ڕووی ژمارەوە! کەچی ئەو

مافەی بە کوێت و قەتەر و بەنگلادیش و قوبرس و ئەلبانیا و نەمسا ڕەوا دەبینرێت یـەك لـە هەزاری بە کورد ڕەوا نابینرێت. ئێمەی (پاسۆك) دەمانـەوێ ئـەم واقیعـە سـەپاوە ناڕەوایـە نەمێنێ. کورد وەك هەر میللەتێکی دیکەی دنیـا لـە نیشـتمانی مێـژووکردی خۆیـدا خـاوەنی ماڵی خۆی بێت. کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت. نیشتمانی پـارێزراو بێـت. بێگانـە لـە ماڵی دەرچێت و داگیرکەر ملی خۆی بشـکێنێ. سـەروەت و سـامان و خێـر و بێـری نەچـێتە ورگـی ئـەو داگیرکەرانـەوە، بـۆ ڕۆڵـەکانی خـۆی بێـت. لارە دەسـتی هـیچ کـەس و لایـەن و دەوڵەتێك نەبن. وەك هەموو دنیا (ئازاد و سەربەخۆ)بـین. سـەرەتاش دەبێـت جەماوەرەکـە ئەو ڕاستیانە بزانـێ و تێیـان بکـات. بـە قسـە و فیشـاڵ و درۆی (برایـەتی و هـاوووڵاتێتی و هاوچارەنووسـی و هـەمووان – عێراقـی و ئێرانـی و تورکیـایی – ن) فریـوو نـەخوات. ێمـە برایەتی و دۆستایەتیی هەموو کەس و گەلێکمان قەبوڵە بەو مەرجەی ئـەو لـە مـاڵی خـۆی و ئێمەش لەماڵی خۆمان. نە ئەو بێتە سەر وورگمان و داگیرمـان بکـا و نـە ئێمـەش تـەماعمان لەودا بێت. هەرکەس و لایەنێك بە چـاوی خـۆی تێمـان بڕوانـێ و ڕێـزی بـوون و مافـەکانمان بگرێت و لەسنووری ووڵاتی خۆیدا دۆستایەتیمان بکـا، دۆسـت و بـرا و هاوپەیمانمانـە. هـەر کەسـێکیش هەرچـیەك بێـت (عـەرەب، تـورك، فـارس، ئینگلیـز، چـین، ڕوسـی، ئـەمریکی)، (کرێکار، جووتیار، کاسبکار، سەرباز، ئەفسەر، بورژوا و دەرەبەگ) ، ( شێخ بـێ، مـەلا بـێ کـافربێ و دینـدار بێـت) ، (ڕەش بـێ، سـووربێ، سـپی بـێ) بێتـە سـەرخاکمان و نیـازی داگیرکردن و ژێردەست کردنمانی هەبێت، دوژمنەوە و داگیرکەر، لـەو سیفەتانەی سـەرەوە دەشـۆرێتەوە و دەبێتـە دوژمـن. بـەهیچ جۆرێـك و لـەژێر هـیچ بـار و هەلومـەرج و بـۆ هـیچ مەبەستێك لێی قبوڵ ناکرێت. چـۆن هـیچ میللـەتێ قبـوڵی ناکـات کـوردیش دەبێـت قبـوڵی نەکات. هەموو ئەوانەش لە کوردستاندا ژیاون و دەژین بەش و پشکیان بەم ووڵاتەوە هەیـە. چارەنووسـی ئـەم نیشـتمانە چارەنووسـی ئەوانیشـە، ئـەرکی نیشـتمانپەروەرێتی ئـەوەیان دەخاتە ئەستۆ، بەرگری لێ بکەن و بیپارێزن. هەوڵی سەربەخۆیی و ئـازادی بـدەن، هـەموو جۆرە جیاوازی و چەوساندنەوەیەکی مەزهەبی (عرقی) و نەتەوایـەتی و ئـاینی دژی کیـان و سـەرەتاکانی کوردایەتییـە و لادانـە لـە جەوهـەری دیموکراسـی و ئازادیخوازانـەی بزووتنەوەکـەمان ئـەو کەمـە نەتەوایـەتی و ئـاینی و مەزهەبیانـەی بـە درێـژایی مێـژوو لـە

کوردستاندا بوون، دروست وەك و کورد مافی ژیـان و ئـازادی و یەکسـانی هـەموو مافـەکانی دیکەیان هەیە و دەبێت هەموو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤایەتیان بۆ مسۆگەر بکرێت و بوونی (نەتەوایەتیی تایبەتیی خۆیان) و (مەزهەب) و (ئاینی) یان بپارێزێت و لەهیچ حاڵ و بارێکدا دەسـت نەکێشـرێتە مـافی ژیـانی ئازادانـەیان. هەمیشـە دەبێـت ڕەفتـار و هەڵسـوکەوت و هەڵوێست لەو کەمەنەتەوایەتی و کوردستانییانەی کوردستان پێوانە و بواری مرۆڤدۆسـتی و پێشکەوتنخوازی و ناوەرۆکی دیموکراسی و ئازادیخوازانەی کوردایەتی بێت. بێ گومـان ئـەو بێگانە داگیرکەرانەی کە بەزۆر هاتوونەتە کوردستانەوە و پاشماوەی سیاسـەتی (بەعـەرەب کردن ) و (بەتورك کردن) و(بە فارس کردن) ن لە کوردستاندا، بە پێی بەرنامە و پیلانێکـی دیـاری و شۆڤینیسـتانەی ڕەگەزپەرسـتانە لەلایـەن ئـەو حکومەتـە ئیسـتعمارییانەوە لـە کوردسـتاندا شـەتڵ کـراون حسـێبی دوژمـن و داگیرکـەریان لەگەڵـدا دەکرێـت و دەبێـت (بارکـەن... بـڕۆن ) و مـل بشـکێنن، داگیرکـەر نابێـت لەسـەر خـاکی کوردسـتاندا بمـێنێ. کوردستان تەنها موڵکی کورد و کوردستانییەکانە و بەس.

## 4- مرۆڤایەتیی کورد کوردایەتی یە:-

مرۆڤایەتی نێزیکی و خۆشەویستی مرۆڤە بەرانبەر مرۆڤ، ئاواتی خێر و خۆشی و ئاسودەییە بۆ گشت خەڵکی سەر ئەم زەمینە، هەستی هاوچارەنووسیی مرۆڤە لەسەر گۆی زەوی، باری ئاسایی پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردنی دەستە و کۆمەڵان و میللەتانە، ئامانجی پیرۆزی مێژووکردی جینسی بەشەریە... هەروەك چۆن نەتەوایەتی هەستی نێزیکی و کەسایەتی و خۆشەویستیی خەڵکەکانی نەتەوەیەکە و ئاواتی خێر و خۆشی و هەوڵی ئاسودەییە بۆ گشت لایەك و هەستی هاوچارەنووسیی پێکەوە ژیان و باری پێکەوە هەڵکردن و ئاپۆرەی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵێکە و ئامانجی پیرۆزی مێژووکردی کۆمەڵە خەڵکێکە کەنەتەوەیەك پێك دێنن.

بەم پێیە (مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی) یەك جەوهەرن لە دوو قاڵبی تایبەتی و مێژووکرد دا. یا هەردوویان شتێکن کە نەتەوایەتی بوون و قاڵب و بارێکی ماددی بەرهەستی بوون و ژیانی مرۆڤە و مرۆڤایەتی بوون و بار و حاڵەتێکی دەروونی و ئەخلاقی ئەو بوونەیە.

چۆنیش دەشێ لە کۆمەڵگەیەکدا تاك وەچەوسێ و بەر بە هەست و نەست و بەهرە و ماف و ئازادی یەکانی بگیرێ... هەروائر تاکی ناپەسەند و ڕیزپەر و دژ بە کۆمەڵ پەیدابن و هەبن... ئاواش دەشێ دیاردەی (کۆسمۆپۆلیتیتی و خۆلەبیرچوونەوە و عەدەمیەتی نەتەوەیی) هەبێ... و هەروائر هەست و ئاکار و بیری چەوتی دەمارگیری و شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستی و خۆبەزل کەریش پەیدابن... کە ژیانی هەردوویان بوونی نەتەوایەتی خۆرسك و ڕەوا و مێژووکرد دەخەنە مەترسیەوە و دیاردەی ناڕەوا و ناپەسەند و لادراو و نەخۆشن. یەکەمیان بازدانە بەسەر بوونێکی سروشتی و مێژووکرددا و دووەمیان تاساندن و لەنێوبردنی ئەو بوونەیە. هەردووشیان یەکدی تەواو دەکەن و هێندەی یەك ناڕەوا و لادراو و ناپەسەندن، هەردووشیان دژی بوون و ماف و ڕەوایەتی نەتەوە ژێدەستە و چەوساوەکانن، یەکەمیان وەکو هەستی پەستی و خۆبەکەمزانین و خۆڕزگارکردن لە چەوساندنەوە و سوکایەتیی نەتەوایەتی یا تەتبیقێکی گێلانە و نەزانانەی (بەناو مرۆڤایەتی) یا (نێو نەتەوەیی و ئومەمیەت لە نێو ڕۆڵەکانی نەتەوە داگیرکراو و ژێردەستە و چەوساوەکاندا

سەرهەڵدەدا و زۆر جاران سەردەکێشێتە دوژمنایەتیی خودی نەتەوە چەوساوەکە و هەتا خۆهەڵواسین بەنەتەوە سەردەستە چەوسێنەرەکە و بەشێك لە کاری شۆڤینیسە ڕەگەزپەرستەکانی نەتەوە سەردەستەکە جێبەجێ دەکا ! ئەم دوو دیاردەیەن کە دوژمنی سەرسەختی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتین لە یەك کاتدا. بنەما و سەرەتای مرۆڤایەتی پێکهێنانی پەیوەندییەکی هاوسان و بەرابەری نێوان گەلانە بۆ بەرژەوەندی و سوودی هەموو تاك و گەل و نەتەوەکان. مرۆڤایەتی شتێ نییە الغای نەتەوە و نەتەوایەتی بکا، چونکە مرۆڤایەتی چوارچێوە و دەزگا و بارێکی مادی کۆمەڵایەتی نییە کە سەروو بوون و گەلانی دنیا کەوتبێتەوە، پتر ئاکار و سەرەتا و هەست و بارێکی دەروونی و ئەخلاقی و ئەدەبی مرۆڤە بەرانبەر تاکە هاوجینسەکانی کە مرۆڤن. مرۆڤایەتی باوەڕ و هەستێکە بۆ ڕەخساندنی هەلی چوونیەك و یەکسان بۆ هەموو کۆمەڵ و گەل و نەتەوەکان و بنیات نانی پەیوەندیەکی هاوسان و بەرابەر لە نێوانیاندا کە سوود و بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی بە کۆمەڵ و هەموو لایەکی دنیای تێدا پەیدا بێت... ئەمەش ئەگەر و هەموو لایەکی دنیای تێدا پەیدا بێت... ئەمەش ئەگەر هەروەك و ئارەزوو و داوا و هیوا و ئاواتێکی ڕووت بێ و بمێنێتەوە، دەبێتە داوایەکی خەیاڵی و تۆباوی و لەوانەشە بازرگانیشی پێوە بکرێ. کار بۆکردنی جدی و باوەری ڕاستەقینە و ڕێگەی سوشتی و خۆرسکی و مێژووکرد ئەوەیە کە تاك تاکەی هەر کۆمەڵێك لە خۆیەوەدەست پێ بکا، بتوانێ پێویستی و ماف و ئازادییەکانی نەتەوایەتی و دیموکراسی و مرۆڤایەتی، پێویستییەکانی کۆمەڵایەتی، یەکسانی و ئازادی و بەرابەریی پێك بێنێ و داگیر کەری چەوساندنەوە و ڕووتانەوە لە کۆمەڵگەدا نەهێڵێ... ئەش ئەرکی هەرە مەزن و پیرۆزی (کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی) تاکێکی هەر کۆمەڵێکە... کەی ئەم گیان و باوەرە چەسپا و لە کردار و گفتار و بیر و باوەڕەکاندا ڕەنگی دایەوە، کۆمەڵگەکان گەیشتنە ئەو ئاستە باڵایەی تێگەیشتن و هۆشیاری و قەناعەتە لە خۆڕا، ئەرکە مرۆڤایەتییە جیهانگەرییەکەی پەیدابوونی پەیوەندیی واقعیی برایەتیی مرۆڤانە و خۆشی و خێر و ئازادی و بەختەوەری و ئاسوودەیی هەموو دنیا پێك دێت و دەچەسپێ. لێرەوەیە کە مرۆڤایەتی کوردی، کوردایەتەیەکەیەتی... ئەرکی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی مرۆڤێکی کورد ئەوەیە کە بە گیانی(داد و ئازادی و دیموکراسی و

یەکسانی) یەوە بەگژ چەوسانەوە و داگیرکردن و زوڵم و زۆر و ستەمدا لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا، کۆمەڵگەی کوردەواری بچێتەوە... بەو ناڕەوایەتییەی لەبەرلووت و بندەستیدایە و لەسەر تەپڵیسەری خۆیەتی دەست پێ بکات و نەیهێڵێ، پاشان بە ئاسایی پەلی ئازادیخوازیی دەکشی و کەوشەنەکانی دیکە دەبڕێ. ماتزینی مەزن ڕابەر و فەیلەسوفی نەتەوەپەروەری بە نێومانگی ئیتالیایی ووتوویە: (ئێمە کاتێك کارێکی چاك بۆ نیشتمانەکەمان دەکەین کارێکمان بۆ مرۆڤایەتی کردوە... نیشتمانەکەمان نوقتەی ئێرتکازی ئەو سیلینگەیە کە دەبێت بۆ خێری هەمووان بەکاری بێنین. ئەگەر لەو نوقتە ئێرتکازە لامان دا نەك هەر بۆ مرۆڤایەتی لە کەڵك دەکەوین، بەڵکە خێرمان بۆ نیشتمانەکەی خۆیشمان پێوەنامێنێ)... ئەمانە لەمەر مەسەلەی کوردایەتنیی خۆمان و مرۆڤایەتنییەوە با وورد کەینەوە، بەرلە هەمووشتێ تاکێکی کورد یان کۆمەڵ و دەستەیەك زادەی کۆمەلێکن کە کوردەواری یە... ڕسکاوی (واقع) ێکن کە واقعی نەتەوەی کوردە... لەسەر زەمینەوە لە نێو کۆمەڵ و دەور و بەرێکدان کە زەمینە و کۆمەڵ و دەوروبەری کوردەوارییە... بەرەنگاری کێشە و داوا و داواکارییەك دەبنەوە کە هی کوردە... لەناو کۆمەڵ و خەڵکێکدا هەڵسوڕ و داسوڕ دەکەن کە پێیان دەوترێت کورد... لە لایەنێکی دیکەوە لە جەرگەی کێشە و مەسەلەیەکی تاوسەندوو و ڕەوادان و بەرەنگاری واقیعێکی ناڕەوا و بە زۆر سەپاو و نامرۆڤانە بوونەتەوە... ئەوان بەشێکن لەو (25) ملیۆن مرۆڤەی لە سەر پارچە زەمینێکی ئەم گۆی زەویە لە بچوکترین مافی مرۆڤایەتی بێبەشن، بە دڕندەترین و ناڕەواترین شێوە دەچەوسێنەوە و فرزەیان لێبڕاوە. هەرچی زوڵم و زۆر و ستەم هەیە بەسەریانەوەیە. لە هەرچی خێر و خۆشی و ماف و خواستێکی مرۆڤانەش هەیە بێبەرین. هەتا معامەلەی حەیوانی وولاتانی ئازاد و خواپێداویش ناکرێن. نیشتمانیان پارچەپارچە و داگیرکراوە، سەروەت و سامان و خێر و بێریان بەتالان دەبرێت. ناویان لە کولەکەی تەڕدا نییە. بێگانە و داگیرکەر بە ویست و ئارەزووی ئاژەڵی و دڕندانەی خۆی بەدار و بەردیاندا دەدات. سەرببزێون سەریان دەپەرێت... ببزون لە جووڵە دەخرێن. جەهەننەمێکیان لەسەر ئەم ئەرزە بۆ داخراوە و بە زیندوویێتی تێیان فرێداوە بەهەر چوار قوڵنجێکی دنیاشدا چاو گڕ دەدات تاکە و تەرا زوڵم و ستەم لەم قوژبن و لەو کەنارەی دنیا

هەیە، بەڵام نـەك وەك ئـەوە کـەی ئـەو. داد و فریـادێتی کـەس بەهانایـەوە نایـەت. هـەموو تاوانێکێشی ئەوەیە خوا لەسەر ئـەم خاکـە و لـەناو ئـەم کۆمەڵـەدا ڕسـکاندوویەتی! ! بۆیـە بوونی مافی ژیانی خواستی داوای کوردییـە و لـە کوردسـتاندایە. مـەودا و سـاحەی چـالاکی ململانـێ و سـەرکەوتنی، نووچدانیشـی هـەر کوردسـتانە داد و مـاف و داوای خـۆی و دەوروبەری هی ئەو کۆمەڵەیە تێیدا دەژی کە کوردەوارییە. ئەو بوون و ماف و ژیانـەی ئـەو مەودا و ساحە و چالاکییەی، ئەو داد و ماف و داوایەی مرۆڤانە و ئینسـانییە، چـونکە خـۆی ئینسـانە. بەشەپشـك و ڕێ و شـوێنی و ئـەرکی مرۆڤانـەی بەرانبـەر مرۆڤایـەتی لـە مـەجالی هەڵسوکەوت و بوونەکەی خۆیدا مەجال و واقع و کۆمەڵە کوردییەکەیـەتی، قسـەمان لەسـەر ئەوانە نییە لەبەردەم واقع و ئەرك و بوونی خۆیدا هەڵدێت و وێرا و شـەرەفی کـوردی ئـەوەی نییە شان بداتە بەر ئەرکی پێویست و بەشەپشکی خۆی لە بـوون و ژیـان دا کـە کوردییـە و دەچێتە سەر خەت و ئاواز و حسێبی واقعێکی دیکە کـە بەمـە لـە بـنج و بنـاوانی خۆرسـکی خـۆی دەتـرازێ و زۆڵـەك دەبـێ خـۆی (مسـخ) و سـەقەت دەکـا، لـە نـاوەرۆکی تـەبیعی و خۆرسکیی خۆی دەکەوێت و بەتاڵ و حەتاڵ دەبێتەوە... ئەمەیان ڕاکردنێکی ترسـنۆکانە و نامرۆڤانەیـە و حەسـانەوەیەکی پشووسـواری و بنبۆشـییە. کەواتـە هـەر کـەس و کـۆڕ و کۆمەڵێك لە کۆمەڵگەی کـوردەواری دا هەرچـیەك دەبـێ بـا بـبێ، جیهـان بینێکـی شـمولی و ئومەمی چ لەسەر ڕێچکەی ئاینی و مەزهەبی، یا پرۆلیتاریی یا مرۆڤدۆسـتیی سەرتاسـەری، نەتەوەپـەروەرێکی بەرچـاوروون و مرۆڤدۆسـت، نیشـتمانپەروەرێکی پێشـکەوتنخواز، دیموکراسیەکی ئازادیخواز، دیندار یا بێ دین... کە چاوی هـەڵهێنا، کـە هـەنگاوێکی نـا، کـە نیشتە بان کارێ، کە بەردێکی خستە سـەر دارێـك، لـە کۆمەڵگـەی کوردەوارییـەوە دەبـێ و لەسـەر ئـەرزی کوردسـتان دەبـێ و بـە کەرەسـە و ئـامرازی مـادی و بەشـەری کوردیـەوە دەبێت... یەکەم هەنگاو دەیەمیان و هەزارەمیان، یەکەم مەجال و دوا مەجال، یەکەم کێشە و هەزار و ملیۆنەهەمیان، یەکەم کەس و هەزار و ملیۆنەکەشیان، هەنگاوێکـە لـە کۆمەڵگـەی کـوردەواری، مەجالێکـە لـە کوردسـتانی کـورددا، کێشـە و داوای مرۆڤـی چەوسـاوە و حەقتەڵەبی کوردە، خەڵك و بەشەر و کۆمەڵەکەش کوردن... ئەمانـەش هـەموویان بەشـێکن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بۆیە هەموو هـەنگاوی بیرکردنەوەیـەك و چـالاکییەك بـۆ گـۆڕین و

هەڵگێرانەوەی واقعی چەوت و سەپاو و ناڕەوای کوردەوایییە بۆ پاکتاوکردن و لەناوبردنی زۆر و ستەم و چەوساندنەوەیە لەو کۆمەڵەدا، بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی مرۆڤایەتییە لەسەر خاکی کوردستان. بە دیهینانی (ماف و داوا ڕەوا مێژووییینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری یە)... هەروا‌تر کابرایەك و کۆمەڵێکی عەرەب، تورك، ڕوس، چینی، فەڕەنساوی، هندی و هەموو شوێنی هەریەکەشیان ئەڵقەیەکی تایبەتی و سەربەخۆی مرۆڤایەتین. نە کەسیشیان بەوی دییان دەبێت و نە دەگۆڕدرێنەوە و نەیەکتری الغا دەکەن، هەمووان هەن و سەربەخۆن، بەڵام یەکتری تەواو دەکەن و دوور و نێزیك لە پاڵ یەکن. هەمیشەش قسەمان لە سەر (داوا و مافە ڕەوا تەبیعی یە خۆرسکەکانی) هەریەکەیانە کە نەك هەر لەگەڵ یەکدا ناکۆك نین بەڵکو یەك ئەوەی دی تەواو دەکات و هاوئاواز و هاوساز و هاوسانن... دالەنگێنی هەرکامیان لاوازیی سەرجەم شریتە و زنجیرەکەیە. ئەمە تاکە حاڵەتی تەبیعی و ئینسانی و ڕەوا و پەیوەندی هاوسان و بەرابەر و دروستە. ئەمەش قسەی بەڵگەنەویستە، ووتنەوە و کوتانەوەی لە کۆمەڵگە پەیت و پتەو و پێشکەوتووەکاندا بێ لزوم و زیادەیە، تەنها لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆ مەبەستی دەقگرتن و چەسپاندن و سەقامگیربوونی ووتنەوە ودەرخستنی پێویستە، چونکە بیروباوەڕ و فەلسەفە و تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هۆش و بیری شلکدا و لە حاڵ و بارێکی (هەستی پەستی) و(ژێردەستەیی) و لەبەرانبەر دڕندایەتیی دوژمنان و داگیرکەرانماندا — زۆر بەداخەوە — لە گێژەنەی مزایدات و سیاسەت بۆ سیاسەت و خۆقەڵەوکردن و دیدگای تەسکی حیزبایەتی و بەرژەوەندی کتوکوێر و نەزۆکی شەخصی و ئاڵۆزی مەسەلەکان و ڕەخسانی باری هەڵکەوتووی وا شتەکان شوێنی خۆیان بگرنەوە ! بار و هەلومەرجێکی وا پەیدا دەبێت لەتر بەهۆش و بیری زۆر کەسان بدا و بەهەڵەیاندا ببات.

## 5- جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەلاٌتە :-

جەماوەر كۆمەلاٌنی خەلكٌین كە خاوەنی ڕاستەقینەی مەسەلە سیاسی و كۆمەلاٌیەتییەكانی كۆمەلگٌەن، ئەوان بناغە و بنچینەی هەر كارێكی سیاسی و كۆمەلاٌیەتین و مەبەست و كەرەسە و ئامرازی هەر بزووتنەوە و چالاكی و جموجۆلێكن. جەماوەر كۆی تاك تاكەی هەموو تاكەكانی كۆمەلگٌەن، مەسەلە مەسەلەی ئەوانە، خواست و داواكاری هی ئەوانە، هەر ئەوانیش ئامڕازی بەشەری و زیندووی ئیجابی خەبات و چالاكی سیاسین، بۆیە لە ڕووی دەستووری و مەنتقی و فەلسەفییەوە نەك تەنها بەرژەوەندی و سوودی كار و خەبات و چالاكی بۆ ئەوان بێت بەلكٌو دەبێت ویست و خوازیان بەر لەهەر شتێ ڕێزی لێبگیرێ و لە ئیرادەی دەرنەچێت. نابێ هیچ شتێ سەرووی جەماوەر بخرێتەوە... بەهانە و بیانووی ئەوەی گوایە (جەماوەر هەندێ جار بەرژەوەندی خۆی نازانێ) و (جەماوەرەكە دواكەوتووە و پابەندی دابی كۆمەلاٌیەتی دواكەوتوانە و دەردی نەخوێندەواری و نەزانین) و (ڕەشە خەلكٌ ڕاست و چەپی خۆی جویٌ ناكاتەوە ناتوانێ ئامانج و دەسكەوتە دوورەكان درك پێ بكات و لەوانەیە دەسكەوتی كاتی كەم تەمەنی زیانبەخش بە شەوارەیان بخات) یان (هێزی چەوسێنەر و كۆنەپەرستان ڕێكوپێكتر و بە توانا و دەسەلاٌت و فێلبٌازترین و جەماوەر لەگەلیٌاندا دەرنابات) و یان (حیزب و كۆڕ و كۆمەلیٌ سیاسی پێشەنگن و سەرەنێزە و سەرقافلٌەن و جەماوەر دەبێت دوویان كەوێت و لەبەر ئەوە ئەمان بە هۆشترین و واعیترین دەستە و هەلبٌژاردە و چڕ و خالیسەی پێشكەوتنی كۆمەلن٘... نەك ئەمان دووی انفعالات و هەرا و بادی سۆزی جەماوەر بكەون) یان و هەزار یان و تەنزیری دیكەی پوچ نابێ هەرگیز دەوری سەرەوەری و یەكەمایەتی و بنچینەیی جەماوەر لە بەین بەرێ. هەرچی ستەم و ناڕەوایەتی و دیكتاتۆریەت و ملهوڕییەكی مێژوو هەیە، چ ئەوانەی كۆن و چ ئەوانەی سەردەم، چڕ و هەلمٌالڕاو و ئاشكرا و بەرچاوەكانیان، چ دەمامك و ڕووپۆش و داپۆشراوەكان... هەر هەموویان زادە و گەرای trووكاوی ئەم بیانوو و بەهانە پووچانەن. بۆ ڕێبڕینەوە لە (فاشستیەت) و (دیكتاتۆریەت) و (خۆسەپاندن ) و (لادان) و (هەموو جۆرە ملهوڕییەكی تاك یان بە كۆمەلیٌ هەركەس و تاقم و كۆمەلێك) تەنها بەوە دەبێت سەرەتا و

بنەمای (سەروو جەماوەر کەوتنە) لـە بنەڕەتـەوە بدرێتـە دواوە. مەبـدەئی (وسـایە و ڕیـش سـپێتی کردنـی جـەماوەر ) و (خۆلێکردنـە خێـو) و (کوێخایـەتی ) ڕەت بکرێتـەوە. ڕاسـتە حیزب و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی هەڵبژاردە و بەهۆش و گۆشترین و بەرچاوڕوونترین و بابلێین دڵسۆزترین و واعیترین دەستەی کۆمـەڵێك بـن بـا ئەمـە هـەقی چاوسـاغی و پێشـرەوایەتی کردنـی جەماوەرەکەیشـیان بـداتیّ... بـەلاّم هـەرگیز مولّکیـەتی مەسـەلەکەی جـەماوەری نـاداتیّ، هـەرگیز ئەمـە ناکاتـە ئـەوەی ویسـت و خواسـتی خۆیـان بەسـەر جەماوەرەکـەدا بسەپێنن... لە حاڵەتی دواکەوتوویی کۆمەڵ و هەر بارێکی ئـاڵۆزی کۆمەڵایەتیـدا چارەکەی بەهۆش هێنانەوە و ووشیارکردنەوەی جەماوەرەکەیە و بەوەیە خـەڵکی بخەنـە سـەربارێکی عەقڵی و ویژدانی و دەروونی وا کە درك بە سوود و بەرژەوەندی خۆیان بکەن نەك بە تۆبزی شتانیان بەسەردا بسەپێنن. خوا لە قورئاندا فەرموویەتی: وامرهم شوری بينهم، ( کاروبـاری خۆیان با بە ڕاوێژی خۆیـان بێـت)... ئەمـە ڕێزێکـی گەورەیـە بـۆ مـرۆڤ دانـراوە و ئـازادی و سەربەستیی هەڵبژاردن و ڕا و ویست و خواستی خەڵکی دراوەتە دەست خۆی... لینین لـەم بارەیەوە وەسیێتێکی گرنگی هەیە کە دەڵیّ: ( ئێمە هەتا بۆ بەهەشتیش خەڵکی بـە کوتـەك نابـەین...) ئـەو بەهەشـتەی لیـنین بەرچـاوی گرتـووە و بـۆ جـەماوەری دەسـازێنیّ ئەگـەر جەماوەرەکە خۆیان قبوڵی نەکەن و بـۆی نەچـن ئـەم بـەزەبری کوتـەك نایـان بـات... ئـەم قسەیە دەبیّ بکرێتە بەرنامەی هەر مرۆڤێکی شۆڕشگێڕی مرۆڤ دۆست و لەمەیدانی کاریشـدا وەکو خۆی کاری پێبکریّ. بـەلای ئێمـەوە جـەماوەر سـەرەتا و بنـەتای هـەموو مەسـەلە و بابەتێکە... جەماوەری کورد خۆی خاوەنی ئەسڵی مەسـەلەی نەتەوایـەتی و کۆمەلاّیـەتی و ئـابووری و ئـاین و هـەموو شـتێکی خۆیـەتی... هـەر نەشـبیّ لـەم قۆناغـەدا مەسـەلەی نەتەوایەتیی کـورد مەسـەلەی هـەموو جـەماوەری کوردییـە، چـونکە داگیرکەرەکـە دوژمنـی کوردە وەکو میللەتیّ تەنها دوژمنی ئەم دەستە یان ئەو شارە یا ئەو ناوچەیە و ئەو چین و ئەو توێژاڵە نییە. فرۆکەی داگیرکەرەکە ژن و منداڵ و گەورە و و گچکە و کرێکـار و جوتیـار و خوێندەوار لێك جیاناکاتـەوە. دوژمنـی تێکـڕای نەتەوەکەمانـە. هەرچـەندە ئـەرکی هـەرە گەورە و دەردەسەری و نەهامەتی پتر بۆ ڕەنجدەران و زەحمەتکێشانی کوردە و قورسـاییە زۆرەکەی دەکەوێتە سەر جوتیاران و گوندنشینەکانی کوردستان کە دیارە هەر بەو پێیـەش

سـەرکەوتنی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد و سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە سـوود و بەرژەوەندی ئەوانە و دەبیٚ داوا و بەرژەوەندی ڕەوای ئەوان بەرچاو بگیریٚ کە ئەمە دەکاتە ئەوەی کە کەرەسە و ئامرازی بەشەری ئەو خەباتە بەشێوەیەکی سەرەکی و گشـتی ئـەوانن و بنکەی فراوانی جەماوەری زەحمەتکێشانی کورد دەبیٚ بەلاٚم ناشبیٚ هیچ توانـا و بـەهرە و هێز و برشتێکی خێرخوا و دڵسۆزی کوردیش بەلاوە خرێـت... هـەر نـەبێت نابێـت فرسـەتی بەلاش بدرێتە داگیرکەر و تا ئەوپەڕی ئیمکان دەرفەتی ئەوە ببرێتەوە کە دوژمنان سوود لە خەڵکی کورد وەربگرن و بەگژ خۆمانیاندا بکەنـەوە. دەبێـت ئـەوەی دارێکـی پـیٚ دەخرێتـە سەر بـەردێك لـەم جـەنگ و ململانـیٚ پـیرۆزەدا بەشـداری بکـات و توانـای سـەرکۆی توانـای کاروانی کوردایەتی بخات... بەگیان و ماڵ و چـەك و پـارە و کۆمـەك و پشـتگیری و قسـە و هەرچی شێوەیەك و لە هەموو کە سێکەوە چـەند ئیمکـان دەبێـت پێویسـتە بـەکاربخرێت و سوودی لیٚ وەربگیریٚ، هەموو شتیٚ هەموو کاریٚ، هەموو توانایەك، هەموو ووزەیەك، هـەموو چـالاکیك و بزووتنێـك دەبێـت بخرێتـە خزمـەتی ئـەو ئامانجـە گشـتییە پـیرۆزە. هـەوڵی سەرکەوتن و بردنەوەی ئەو ململانێیە و بەلاداخستنی ئەو ناکۆکییە بەلای کـوردا و بەسـوود و بەرژەونـدی بزووتنەوەکـەمان و بـەرەو سـەربەخۆیی و ئـازادی میللیمـان دەبێـت سـەروو هەموو اعتبار و هەموو شت و هەموو بیر و هەموو حیزب و هەموو کـەس و تـاقم و دەسـتە و چینێك بخرێتەوە. ئیمرۆ قۆناغی بەرگری میللی قۆناغی داکۆکی یە لە بوونی کورد، ، هەوڵی مانـەوە و ژیانـە، ململانـیٚ بـوونی نەتەوایـەتی و قۆنـاغی سـەربەخۆیی و ئـازادی و میللـی دروستکردنە، مەسەلەیەکی گشتی و ناکۆکیی هەموو نەتەوەی کوردە و هەموو کەسیٚ خۆی بەکورد بزانیٚ (بەگوند و شار و سەرچیا و پیٚ دەشت و ژن و پیاو و گەورە و گچـکە و هـەژار و دەوڵمەند و کرێکار و جوتیـار و کاسـبکار و خوێنـدەوار و هـەموو دڵسـۆزێکی کـوردەوە). قۆناغی یەکپارچەکی کۆمەڵگەیە و خاوکردنەوەی هەموو ناکۆکی و نا تەباییـەکی سیاسـی و فکـری و کۆمەلاٚیـەتی و مەزهـەبی و ئـاینی و چـینایەتی و ناوچـەیەتییە... هـەموو کـار و کردەوەیەك، بە هەر بیر و بیرکردنەوەیەك، هەر هەوڵ و ڕەفتار و گفتارێك بەهەر ڕێیەك و بۆ هەرمەبەستێك ناکۆکی و ناتەبایی بنێتەوە و کەلێن بکاتە ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و بەشیٚ لە کۆمەڵگە دابڕیٚ و پەکی بخات و یان بیکاتە دوژمن، بیـەویٚ و نەیـەویٚ خزمـەت بـە

دوژمن و داگیرکەرەکـە دەکـات و بەشـێکە لـە کـاری ناپاکانـەی دژ بـە کـورد و کوردسـتان. نەهامــەتی و نەگبــەتی و ئــێش و ئــازاری نەتەوەکــەمان قــووڵتر دەکاتــەوە و تەمــەنی ژێردەستەیی و داگیرکردن و چەوساندنەوەیان درێـژتر دەکـات و گیـان بەبـەر داگیرکـەران و دوژمنانیانـدا دەکاتـەوە. چـەپەڵترین و نـاڕەواترین ناپـاکی و خەیانەتـە بەرانبـەر کـورد و کوردستان. دەبێت هەموو ئامانجە کانمان لە (ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئـازادی) نیشـتمان و میللەتەکەماندا کۆبکەینەوە. هەموو توانامان ئاڕاستەی ئەو ئامانجە پێویست و هەرە گـرنگ و (حیـوی) یـە بکـەین... لاڕێ و کـوێرە ڕێ لەبـەردەم جـەماوەردا قـووت نەکەینــەوە و کۆمەڵانی خەڵکی بە مەسەلە و بابـەتی لاوەکـی و سـانەوی و ناوەختـەوە خـەریك نەکـەین و ڕێیـان لـێ ڕەوێـڵ نەکـەین... سـادە و خۆرسـك و گردەبڕانـە ئامـانج و ڕێگـە و مەبەسـت و هۆکارەکانیان بە ڕوونی و ئاشکرا و بێ گـرێ و گـۆڵ بخەینـە بەهەسـت و نەسـت و هـۆش و چاوانیان. ئەم وولاتە هی کوردە (کوردستان تەنها موڵکی کوردە) هەر نـەبێ لـەم قۆناغـەدا مەسەلەی بوونی نەتەوایەتیی کورد و مـافی سـەربەخۆیی و ئـازادی و بـەدیهینانی سـەرجەم مافە نەتەوایەتی و دیموکراسیەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کورد ئەرك و پێویستی و مافی هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە، مەسـەلەیەکی گشـتی و نـاوکۆیی هـەموو ئەوانـەن کـە کـوردن و بەرگری لەو بوونە دەکەن و کاری بۆ دەکەن، مەسەلەی هەموو دڵسـۆزێکی بەشـەرەفی ئـەم نەتەوەیەیە کە باوەڕی بە سەربەخۆیی و ئـازادی کـورد هەیـە... بـێ گومـان ئەمـە هـەرگیز مانای ئەوە نی یە کە چاومان چەوساندنەوە و زوڵمی کۆمەڵایەتی و چینایەتی نەدینێ و یان ئەو بارە بە بارێکی ئاسایی و سروشـتی بـزانین، یـا (تکـریس ) ی ئـەو خـوار و ژوور و بـارە کۆمەڵایەتی و چینایەتییە بکەین، یا زوڵم و ستەم و چەوسـاندنەوەی چـینایەتی بسـەلمێنن، یـا دەرفـەتی پەیـدابوون و پەیکـە کـردن و گەشـە و بـەردەوامێتی بـدەین ... بزووتنـەوەی کوردایەتی تەنێ بزووتنەوەیەکی سیاسی ڕووت و بێ ناوەڕۆکی کلاسیکی نییە... سەردەمی بزووتنەوە سیاسی یە نەتەوایەتیە ڕووتەکان بەسەرچووە و ممکن نییە هیچ بزووتنەوەیـەکی نەتەوایـەتی بـێ ئـاپۆڕەی کۆمـەڵانی خـەڵکی زەحمـەتکێش و چـینە چەوسـاوەکان و بـێ بەرچـاوگرتنی مــاف و داوا و بەرژەوەندیــەکانی ڕەنجــدەرانی پێــك بــێ و بێتــە دی و سەرکەوێ... بەڵام لە هـەمان کاتیشـدا تاوپێسـەندنی ناکۆکیـەکانی نێـو کۆمـەڵ و ئـاژاوە و

لێکدابڕان و پەرت پەرت کردنی ئاپۆڕەی کۆمەلأنی خەلك و گەورە و قەبەکردنی ململانێ کۆمەلأیەتی و داوا و دروشمی تۆباویانە و ناوەخت و چەپایەتی هەرزانە هێندەی ڕاستڕەویی کۆنەپەرستانە و ناپەسەند و کۆسپە، جگە لەوەی خزمەتێکی بێفێلّ و ڕاستەوخۆی داگیرکەران و چەوسێنەرانە و فرسەتی بەلاش دانەدەست داگیرکەر و دوژمنانە تا درێژە بەداگیرکەری و چەوساندنەوە و ژێردەستکردنی هەموو نەتەوەکە بدات... دروشم و قیرە و گازەندەی هەرزانە نییە میللەتی لە ژێر ستەم دەرێنێ و ماف و داوا و بەرژەوەندییەکانی کۆمەلأنی زەحمەتکێش بەدیبێنێ... ئەمانە بە بیری تیژ و بەرچاوی ڕوون و پشووی درێژ و هەستی واقعی بینانە و دلّسۆزی و( ولا) بۆ جەماوەر و مەسەلەکەی پەیدادەبن... نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی گشتی دەچەوسێتەوە، وەکو (چین) ێك یا دەستە و مەزهەبێك و ئەم تاقم یا ئەو تاقم ناچەوسێتەوە، کورد بە (کرێکار و جوتیار و کاسبکار و ڕۆشنبیر و دەولّەمەند و ژن و پیاو و مندالّ و گەورەوە) چەوساوەتەوە و داگیرکراون... بۆیە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد خەباتی هەموو میللەتی کوردە بە هەموو دەستە و تاقم و چین و بەرە و لایەکیەوە. دەبێ کۆمەلأنی خەلّکی کورد پێکرا و پێکەوە دەست بدەنە خەباتی ڕزگاریخوازانە و نیشتمانی هەمووان لە ژێر دەست و جەور و دەسەلأتی داگیرکەرەکەدا دەربێنن... کوردستان ئازاد و سەربەخۆ بکەن و وولأتەکەمان بکەوێتە دەستی خۆمان و ببێتەوە بە مولّکی خالیسی کورد، ئەوسا جەماوەری کورد خۆی چ ڕژێم و دەستورێکی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابووری هەلّدەبژێری، خۆی ئازادە. نابێت کەس لە ئێستاوە ئەو مافە دیموکراسییەی لێزەوت کات کە جەماوەر بە ویستی خۆی چارەنووسی ژیان و گوزەران و بەرێوەبردنی خۆی دیاری بکات. نابێ کەس خۆی لە جەماوەر بکاتە کوێخا و ریشسپی. کەس ئەو مافەی نییە بە زۆر بە جەماوەرەکە بلّێ دەبێت وابکەیت و وا هەلّسیت و وا داکەویت و ئەمە مەکە و ئەویان بکە! خەلّکی دەبێت ئازادبێ و کەس دەست نەخاتە نێو ئەو ئازادییە کۆمەلأیەتییانەوە. سوود و بەرژەوەندی گشتی کۆمەلأیەتی چۆن بوو، جەماوەرەکە چی بڕیاردا دەبێت و پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت و پێرەو بکرێت...

جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەلأتە.

ئەم ڕاستییە دیموکراسی و سروشتییە دەبێت لە ژیانی ڕۆژانە و چالاکی سیاسیشـدا ڕەنـگ پێبدەینـەوە. خۆمـان بـەو گیانـە ڕابێـنین کـە مایـە و سـەرمایەی هـەموو لایـەك مەسـەلەی جەماوەرە، دەبێ ئەو ئەمانەتە بپارێزین و شکۆی بگرین. خۆمـان وا پـەروەردە بکـەین کـە ڕێـزی ویسـت و خواسـتی جـەماوەر بگـرین تـا ڕێ لـە هـەموو چەوسـاندنەوە و زۆرداری و ملهوڕییـەك بگـرین تـا خۆمـان و ڕێکخـراو و بـیر و باوەڕەکـەمان نەخلیسـکێتە زەلکـاوی (دیکتاتۆریەت)ەوە، تا ڕێ نەدەین کەس خۆی بەسەر جەماوەرەکـەدا بسـەپێنێ. ئـازادی و مافـەکانی بنلێـوان خـات و زەوتـی کـات. ویسـت و ئـارەزووی بتاسـێنێ. داوا و ئاواتـەکانی بشێوێنێ، بەرژەوەندی و سوودی بن پێ خات و بیچەوسێنێتەوە و دایدۆشێ، لە مرۆڤایـەتی بخات و بیکاتە کۆیلە. کۆمەڵگەی ئازاد دەبێت مرۆڤی ئازادی تێدا بێت. کاتێ میللەتی ئـازاد دەبێت کە هەموو ڕۆڵەکانی ئازاد بن و کەس خۆی بەسـەر ئـازادی و ویسـت و بەرژوەنـدی و مافی کەسدا نەسەپێنێ و زەوت نەکا. جەماوەر دەبێت وا ڕابێندرێ و گۆش بکرێـت کـە مـل بۆ هیچ بێدادی و ناڕەوایی و زوڵم و زۆرداریيەك نەدا. ڕێگـە نـەدات چەوسێـنەران و ملـهوڕان پەیـدابن. فرسـەت و دەرفـەتی چـوونیەك و یەکسـان بخرێتـە بـەردەم جـەماوەر و هـەموو تاکەکانی کۆمەڵ. کەس لـە سـەروو یاسـا و دەسـتوور و ئـیرادەی میللەتـەوە نەکـەوێت. لـە کـەس قـەبوڵ نەکـەن ببێتـە مێردەزمـە. هـەمووان چـوون یـەك و هاوتـا و ملکەچـی یاسـا و دەستووری کۆمەڵایەتی و سیاسی بن. کەس سەروو کۆمەڵگە نەکەوێتەوە. چونکە تـەنها لـە کۆمەڵگەیەکی وادا (سـەربەخۆیی) وڵات دەپـارێزرێ و ئـازادی میللـەت بـەردەوام دەبێـت و سوود و بەرژەوەندی کۆمەڵگە پێك دێت و کۆمەڵ پێش دەکـەوێ و دەمێنێتـەوە. تـەنها لـە کۆمەڵگەیـەکی وادایـە دەرفـەتی چەوسـاندنەوە و ڕووتاندنـەوە و دادۆشـین پەیـدا نابێـت... ڕێگەی ئەوە نابێت کەس بەری ڕەنجی کەس بخوات و کەس سواری ملی ویسـت و خواسـتی کەس بێت، کەس کەسی دیکە کۆیلە نەکات و لارەدەستی نـەکات. تـەنها لـە کۆمەڵگەیـەکی وادایە مرۆڤ بەمانای فراوانی مرۆڤایەتی بژیە و هەڵ بکا، بتوانێ بەرهەمی هەبێت و دیفاع لـە خۆی و وڵات و کیانەکەی بکا. گیانی مرۆڤایەتی و سـۆز و خۆشەویسـتی مرۆڤانـە دروسـت بێت. هەستی برایەتی و دۆسـتایەتی نێوخـۆ و نێـو گـەلان و مرۆڤایـەتیش بڕسـکێ... ئەمـە تەنها حاڵەتی سروشتی ژیانی مرۆڤایەتی یە. ئەمانەش باوەڕی بنجی (پاسۆك)ن.

چاپیکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ سەر ئینتەرنێت:

# پارتی سۆسیالیستی کورد

# (( پاسۆك ))

## لقی ئەوروپا

## بەشی راگەیاندن

www.pasok.eu